پاشماوەی خزمەتەکانی فەرهەنگی

هەروا لە جێژنی هونەری کوردی کەلە "سینما فلسطین"لەشاری تاران ١٣٧٤/٩/٢٨ سازدرابو قسەم کردو خوازیاری بەرێوە بردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەسڵە راگیرداوەکانی قانونی ئەساسیم کرد ، هەروا لەرۆژانی پێنجشەمە و هەینی ١١و١٢ سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٨ لە سێنەی (مجتمع شهید ئاوینی) لە کرماشان کەکۆنگرە یەک بۆ ڕێزدانان لە خوالێخوشبو سەبید تاهیر سەبیدزادە هاشمی سازدرابو داوای ئیجرای ئەسڵی ١٥و١٩ قانونی ئەساسیم کردو ئەم داخوازیەم لە کتێبی فەرهەنگ و ئازادی، کۆمەڵێک نوسەر کتێبی گوڵان ژمارەی ٣٣ چاپی ٢٠٠٠-ز-هەولێر،لە چاپ داروە ، هەروا نوسەری ئەو کتێبە نوسیویەتی: ئەو دا خوازی یە کۆڕەکەی جۆش دا .

لەکۆنگرەی ڕێزدانان بۆ پێشەواو مستەفا بارزانی کەبیر و زیندوی ئەتەوەی کورد کەلە ٢٠٠٠/٣/١٠ی زایینی لەتلاری (بین المللی) سازمانی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەم کرد و لەئاخری قسەکانمدا وتم:"هیوا دارم هەروەکو تورکیە لەچەن ماڵە ئاوارە"ی تورکی نیشتە جێی قبرس ایشتیوانی دەکا، کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، ئاوا لەکوردەکان چ لە عێراق و چ لە تورکیە و سوریە و لوبنان و... پشتیوانی یکا. باشە بخەمەوە بیر:ڕۆژی سێ شەمە ٣ی خەزەلوەر(ئابان)ی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و١٢ ڕەبیع ئەوەلی- ١٤٠٩ مانگی و ٥ ئوکتوبری ١٩٨٨یزایینی خوالێخۆشبو:سەبید مەحمودی- گوڵشەن، سەبید ئیبراهیمی- ستودە، دوکتور محەمەد تەقی ئیبراهیمپور،محەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل)،شەریف عەزیمی،محەمەد ڕەئوف تەوەککولی،محەمەد ڕەیانی،حەسەن سەلاح(سۆران)دوکتور فەریدونی- جونەیدی،کەلەلایەن ئوستانداری کوردستانەوە بۆ بەشداری کردن لەجێژنی لەدایک بونی حەزرەتی ڕەسوڵی ئەکرەم (د-خ)بەبۆنەی حەوتەی وەحدەت بانگ کرابوینە شاری سنە ، وە کاک شاروخ هەورامانی ، بەماشین هاتبوونە تاران ، بەشوێنمدا، شەو لەئوستانداری کە ئایەتوڵڵا عوزما عەلی خامنەیی، سەرکۆماری ئەوسای ئیسلامی ئێران، لەوێ بوو، ئێمەش ئەم موستەد عەساتەمان بە ئیمزای هەمومان لەو شەوی مەولود خوانی لە ساڵۆنی ئوستانداریدا دەسەر کۆمار ، دەقی موستەد عەیاتە کە :(مستدعیات هیئت علمی فرهنگی کردان کە بمنظور شرکت در مراسم هفتە وحدت در محضر ریاست محترم جمهوری بە سنندج دعوت شدە اند :

١-تشکیل فرهنگستان کردی (اکادمی)-٢-ایجاد کرسی زبان و ادبیات کردی و تاسیس چند واحد تدریس زبان کردی در دانشگاههای مناطق کرد نشین و تهران و سایر مراکز علمی کشور-٣- پیگیری مأوبه نخستین کنگرە ی زبان و فرهنگ و ادبی کردی در مهاباد ، درباره تدریس زبان کردی در جنب زبان فارسی در مدارس ابتدایی در مناطق کرد نشین -٤-ایجاد دفتر هماهنگی در ستاد انقلاب فرهنگی در تهران به منظور پیگیری مستدعیات یاد شدە -ڕۆر بەڕێزەوە هەیئەتی علمی فەرهەنگی کەیە تەقازای ئاغای(روزبه)موشاویری کاروباری موتالەعات و فەرهەنگی ئوستانداری سنە ، (کوردستان)ناوەکان و موستەدعەیاتە کە ، وەرگیران و پێشکەش یە بەڕێز سەر کۆمار،کرا بەئیمزای (هەمومان)١٣٦٧ی هەتاوی- بەداخەوەلە ١٣٧١/١٠/١ی هەتاوی گوڵشەن بەنەخۆشی دێ وەستان وەفاتی کردو منیش بۆ یادی ئەو دۆستە ئازیزە شەرحی حاڵی ئەوم بەزمانی کوردی نوسی و لەگەڵ ئەو موستەدعەیاتەدا لە ٢ ژمارەی ٤٠و٤١ حەوتەنامەی ئاوییەر-مانگی خەزەلوەر و سەرماوەز-یساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی بەچاپم گەیاند. خودا لە قورئاندا ئەمرویە (ان الله یامر بالعدل و الاحسان) لە قورئاندا ئەمر کراوە مرۆ عادل و دادگەر بێ و لە ولات دا ، عەدالەت بەرقەراربکا ، دیارە عەدالەت هەمو لایەنەکانی فەرهەنگی کۆمەلایەتی ، سیاسی و رامیاری و ئابوری دەگرێتەوە ، دیارە پەرەدان بە دادگەری و عەدالەت و پاراستنی ڕێزو کەرامەتی مرۆ، لە نێزیک بوونەوەی خەڵکی لە یەکتر، دەتوانێ بیبێتە ئامانجگەلی هاو بەش؛ کەلەسازدانی ئاژۆتن بەرەولای جیهانی بوون نەخشی بنەرەتی هەیە. بەهیوای ئەوەین دادگەری بە دی بێی.)

بەڕێزەوەدوکتور محەمەد سالح ئیبراهیمی(شەپۆل)تاران ١٣٨٤/٦/١٢ و ریکەوتی ٣ی سپتامبری-٢٠٠٥ی زایینی.

خزمەتەکانی فەرهەنگی

موحەممەد سالیح ئیبراهیمی

چاکترینی مرۆ ئەو کەسەیە ، کە فرەترین کەڵکی بۆ خەڵکی دیکەهەبێ-ڕەسولی خوا(خ)).

بەڕێزان،گەڕێنەران، بەڕێرسان بۆ ژێنەران، ڕاگرانی زمان وهونەرو هۆنەرو ئەدەب و وێژاوەری نەتەوەی دا بەشکراوی کورد، بۆیران،ماندو نەتاسان،هێژایان ،دڵسۆزان و کارگێرانی حەوتە نامەی (پیامی کوردستان)ی پڕو تەژی لەمەبەستی جوان و ڕەنگین و سەنگین ،دروو ڕەحمەتی خواتان، لەسەرێ و بەقەدر و عێزەتەوە پایەدارو مایەدارو بەرقەراپین .

داواکردنی حەق و مافی فرەیەکەم مەرج نیە ، شەرت ئەوەیە کە حکوومەت داخازی و مافی خەڵک و ئەسڵی قانونی ئەسای بە تایبەت ئەوانەی پێوەندی دارن بەحەقی خەڵک ،وەک ئەسڵی ١٢،١٥،١٩و... و پەیامی ١٣٨٥/٨/٢٦- ئیمام خومەینی، بەڕیوەبیا ، دیارە خاوەن ماف دەس لە حەق و مافی ڕەوای خۆی هەڵناگرێ. ماف و حەق نادرێ ،دەبێ وەڕیگیردرێ و بسێنەرێ. دیارە ئێمە دەبێ لەوەرگرتنی مافی ڕەواو بەرحەقی ئەتەوەیی خومان سوربین و ئابێ ، بێ دەنگ بین .

لە سونگەی پاراستنی زمانەوەیە کەکورد لەنێو کوورە و سۆبەی گەردانی داگیر کەران نەتاوا وەتەوەو زەق و زیندو خۆیی ڕاگرتوە .

لەحەوتەنامەی هێژا و پڕقیمەتی (ڕۆژەڵات) ،کەوەک ڕۆژلەئاسمانی کوردەواری ئێراندا ، نوروپرشینگ دەهاوێژێ .لە ژمارەی ٢٧ دوشەمە ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٨٤ چاوم بەم نوسراوە (جرات بیان حقیقت) کەوت کەرای گەیاندبو ڕوانینێک بەوتاری مەلبژاردنی سەرکۆمارو چەن نوکتەیەک نوسەراوی خالد تەوەککولی، ئەحمەد (قازی). کەجەنابی کاک ئەحمەد قازی وتبومی: "اللاح طلبان کرد سقف مطالبات مردم کردستان را تنزل داده اند".

هەروا ڕایگەیاندبو کە ٨ ساڵ پێش لەجەنابی ناتیق نوریان ویستبو (ئەسڵی ١٥-ی قانونی ئەساسی و چەن ئەسڵی دیکە ، لە بەرنامەی خۆیدا بگونجێنێ و ئەویش لە یەکێ لە ڕۆژنامە کاندا بەویستەکانی ئێمەبە ئاشکرا ئیشارەی کردبو، ئەوە وێرام ئەو قسەوا ٨ ساڵ پێش لەناتیق نوریم ویستبۆ بیڵێم .

پێویسە بیخەمە بیر کەخاوەنی گۆفاری گرشەی کوردستان محەمەد ساڵح ئیبراهیمی بۆ یەکەمجار دوای ڕابەرانی حیزبی دێمکوراتی کوردستانی ئێران)، خاوەنی ئەو گۆفارە لەژمارەی یەکەمینی ئەو گەفارەدا کەیەکەم ژمارەی لە١٩٨١/٣/١-ز-وەرشەمەی ١٣٥٩ بەزمانی کوردی لەتاران لەچاپ دەدرا و لەکوردستان بڵاو دەکرایەوە. داوای بەڕێوە بردنی ئسڵی١٩،١٥،١٢و ... قانونی ئەساسی و پەیامەکەی ئیمام خومەینی کردبو:"...اسلام بزرگ تمام تبعیضها را محکوم نموده و برای هیچ گروهی ویژگی خاصی قرار نداده تقوا و تعهد بۆ اسلام تنها کرامت انسانهاست ، و در پناه اسلام و جمهوری اسلامی حق ادارۆی امور داخلی ومحلی و رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی متعلق بۆ تمام قشرهای ملت است منجمله برادران کرد...." . ڕۆژنامەی کەیهان ١٣٨٥/٧/٢٨

هەتاوی و سەحیفەی نور چاپی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و گۆفاری گرشەی کوردستان ژمارەی یەکەم ساڵی یەکەم پەرەی ١ و٢٧و٢٩ ژمارەی ٧ و ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆفارە و کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دوەم ١٣٧٩/١١/١٥ هەتاوی پەرەی ١١٦ نوسراوی مەحەمەد سالح ئیبراهیمی (شەپۆل) تەنانەت تەواوی دەقی ئەو پەیامەم لەیەکەمین ژمارەی گۆفاری گرشەی کوردستاندا بەزمانی کوردی لەوەشەمەی ١٣٥٩ی هەتاویدا بڵاو کردۆتەوە و هەروا لە ژمارەکانی دیکەی ئەو گۆفارەدا، بەڕێوەبەردنی پەیامی ئیمام و ئەسڵەراگیراوە کانی قانونی ئەساسیم داوا کردوە کە پێوەندیان بەکورد و نەتەوە جیاجیابە کانەوە هەیە ، هەروا لە کۆنگرەی زیان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کەلەساڵی ١٣٦٥ لەشاری مەهاباد سازدرا، لەڕۆژی یەکەم لەو کۆنگرەدا قسەم کرد و ١٨ مادەم داوا کرد :

١-ئیجرای پەیام و حوکمی ١٣٥٨/٨/٢٦ ،ئیمام خومەینی ٢- بەڕێوە بردنی ئەسڵی ١٢،١٩،١٥و... قانونی ئەساسی-

٣-بۆ ئەوەی منداڵان و لەسەرەتای خوێندنەوە بەزمانی کوردی و لەپاشان بەزمانی فارسی و کوردی بخوێنن .

٤-کەلک وەرگرتن لەزمانی کوردی لەچاپەمەنیدا پەرەی پێبدرێ -٥- لەیەکێ لە ئۆرگانە دولەتیەکانی کۆماری ئیسلامیدا کەمەقامانی کۆماری بەموناسبی بزانن بنیاتێکی چاپ و بڵاوک بەزمانی کوردی بۆڕاگیاندن و بڵاو کردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی پەپێی مەزهەبی تەسەنون کەمەزهەبی خەڵکی کوردە و لە ئەسڵی١٢ی قانونی ئەساسی داهاتووە کە(مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلامی کەحەنفی،شافعی،مالکی و حەنبەلی)یە ، ڕێزێ تەواویان بۆهەبە ،دامەزرێ .

٦- بۆ وتنەوەی دەرسی وێژە وێژەوانی کوردی لەفێرگە و خوێندگە و فرانکۆو زانکۆکاندا لە کەناری زمانی فارسییەوە هەناگای پێویست دابنرێ .

٧-لەڕادیو و تلۆزیونی کۆماری ئیسلامی کەیە کێکەلە کەەسنەو هۆی ڕاگەیاندنی گشتی ،(کەلە ئەسڵی ١٤ی قانونی ئەساسیشدا هاتووە) بەرنامە بە زمانی کوردی دامەزرێ و پەرەی پێ بدرێ ، تا خەڵکی کوردەواری لەخێر و بیری کۆماری ئیسلامی بەشدارو دلخۆش بن (و من یعمل مثقال ڕرة خیراً یره) ئایەتی قورئانە -٨- دانانی چاپخانە یەک لەشاری مەهاباد بۆ چاپ و بڵاو کردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆفار بەزمانی کوردی-٩- دامەزراندنی فێرگە ،خوێندگە ، فراکۆ، زانینگە و زانکۆ بۆ خوێندن بەزمانی کوردی لەیانەکانی فێرکردن و بارهینان و هەروەها لەوەزارەتی فەرهەنگ و زانینە بەرزەکاندا-١٠-



کارگەی بەرهەم و دەسمایە هێنەر بوودەس بەکاربونی گەنجان و لابردنی مەحرومیەت و بێ بەشی لەمەریمەکانی کوردەواری -بەڕێوەبردنی فەمانی خوێندن و نوسین بەزمانی کوردی بەتایبەت لە مەریمی کوردستان، کە ئەوانە ئیجرابکرین ، جاکاتێ لە پشت میکرۆفونە کە هاتمە خوارێ جەنابی خەلیل موەفەقی و دۆستانی دیکە ویتان ،ئەوە هەموو مەبەستە کەتۆ خواستوتە ، ئەویش لەم کاتە سارد و حەماسەدا ، وریابە تەنگین ، دەبێ بڵیم تێکستی نوسخەی ئەو و تارم بەمەدێ لەمیوانەکانی کۆنگرە کە ، داوە، نوسخەیی بۆ(سروە) لە بڵاوکی سەلاحەدین ئەیبویی، کەلەشاری ورمی یە ، دیارە دەبێ نوسخەیەک لەیایەگانی ئەویدا نیستاهەبێ و نوسخەیەک بۆ دەنگ و ڕەنگی شاری مەهاباد و نوسخەیە کیشم دا دەس (کاشانی) یەکێ لە بەڕێرسان و گەڕێنەرانی گۆفاری (سروە) و چەن بەش لەو(وتارە)لەژمارەی تایبەتی(سروە) دا بە سەروگۆی شکاوی لە هەردوبەشی کوردی و فارسی یەکەی گۆفاری سروەلەگەڵ وێنەی من بڵاو کراوەتەوە. وەک ئەوە نەیان وێراوەیا نەیان ویستووە گشت مەبەستە کە ،بە تەواوی لەچاپ بدەن.لەو کۆنگریی شاری مەهاباد رامەگیاند کەخوا لەقورئاندا فەرمویەتی(وَ ما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه لیبین لهمورەی ئیبراهیم ئایەتی ٤)،(و مَن آیاتِه خلقُ السموات و الارض و اختلاف السنتکم و الوانکم ان ذلک لایات للعالمین-سورەی روم ئایەتی ٢٢). قورئان



بۆزمانی هۆزو نەتەوە جیاجیاکان گرینگی تایبەتی داناو وزمانی ئەوانی بەئایەت و نیشانەی خۆی ئاساندوە و مەفهومەکەی ئەمەیە کە قەبوڵ نەکردنی و بنایەخ نەدان بەزمانە جیاجیاکانی کورد و نەتەوەکانی دیکە ، وەک قەبوڵ نەکردن و بایەخ نەدانە بە دروست کردنی گۆی ئاسمان و گۆی زەوی و گۆڕانی شەوو ڕۆژ وایە ،ئاخرەکەی یانی قەبوڵ نەکردنی ئایەت و نیشانەکانی خودا و ئینکاری بەدیهیات ، هەروەکو ڕەژیمی پەهلەوی لەماوەی پەنجاساڵدا ئینکاری کرد.

بەسەرنجدان بەفتوای شەرعی زانایانی گەورەی جیهانی ئیسلامەتی(ئیمام شافعی،ئیمام حەنبەلی،ئیمام مالکیو ئیمام ئەعزەم ئەبو حەنیفە)خوێندنی نوێژی جومعەو خوتبەکانی بەزمانی دایکی و غەیرە عەربی بەجایزیان داناو ، ئەوە بەزمانی دایکی و غەیرە عەربی ڕەوابێ، خوێندن و نوسین بەزمانی کوردی و غەیرە عەربی ڕەواترە.

حەنەفیەکان و ئیمامیەکان دەڵێن: عەرەبی بونی خوتبەکانی لەنوێژی هەینیدا شەرت نیە (الفقه علی المذاهب الخمسه)چاپی بەیروت پەرەی ٢٧و٢٢- جا هەرلەم سۆنگەوەیە ، کە ئیمام خومەینی فتوای ئەوەحوکمەکی داوە کەلە ١٣٥٨/٨/٢٧ی هەتاوی لەڕۆژنامەی کەیهان و... لەچاپەش دراوە و بڵاوکراوەتەوە ،کەدوپاتەبیشی لەسەر ئەوە کردوە کەدەبێ(حق اداره ی امور داخلی و محلی)سەبارەت بەئەنەوەی کورد و ئەوانی دیکەی ئیجرا بکرێ و دوپاتەشی کردوە کە دەبێ (رفع هرگونه تبعیض فرهنگی و اقتصادی و سیاسی بکری)، یانی دەبێ تەبعیزنەمێنێ یانی ئەنەوەکانی ئێرانی کار و باری نێو خۆیان ، بە بیروەسی خۆیان بەڕێوە بیەن و لە فێرگە و زانکۆکان بەزمان خۆیان بخوێنن و تەبعیزێک نەبێ . وەزیر، سەفیر، قازی و یاوەرو مامۆستا لەخویان بێ و کارخانە وتیکنیک و سەنعەت و کەرەستەی هۆی بەرز بونەوەی ئابوری و ژیانی مرۆڤان لەکوردستان و هەریەکانی ئەنەوە جیاجیا کاندا یەکسان و بێ تەبعیز بێ و ڕۆژنامە ، گۆفار و دەنگ و ڕەنگ بەزمانی خوێان هەبێ و فەرق و تەبعیزنەمێنێ ، بە مجۆرە تەنیا ئەوە ماوە حوکمەکەی ئیمام خومەینی . مادەکانی اقانونی ئەساسی کە ڕاگیرداون ئیجرا بکرێن،کەبەداخەوە ئەوە ماوەی ٢٥ ساڵ زیاترە هێمان ئەوە حوکمەو ئەسڵی ١٥و١٩و١٢و... ی قانونی ئەساسی ئێران بەڕێوە نەبراوە .(مەریوێ دڵێن ، دوسەد ، وتە بە قەت نیوە کار و کردەوەیک بایەخی نییە).

دیارە ئەگەر حوکومەت لەکات و ساتی خۆیدا ئەو حوکمەی ئیمام خومەینی و ئەسڵی قانونی ئەساسی پێوەندی دار بە نەتەوە جیاجیاکانی ئێران ئیجرا بکردایێ ،نەڕابەرینی هێزی چەکداری و نبەزاوی ئیعترازی و تووڕەبونی خەڵک ڕوی نەدەداو ئەتاقمی دەرون حاکمیەت دەیان توانی بەچاوی دێگانە و نیشتە جێیانی موستە عمەرە تەماشای کورد بکا ، جا لەبەر ئەوەیە جەنابی خاتەمی سەر کۆمار لەقسە کانیدا سەبارەت بە نەتەوەی کورد وتویەتی "هیچ کس حق ندارد بگوید از کرد ایرانی‌تر است" دیارە ئەگەر بۆ فریو نەبوبێ یانی دەبێ عەمەلەن وەک ئەسڵە ئێرانی تەماشای نەتەوەی کورد بکرێ ،"مەڕوالە ٤- ١٣٧٢/٩/٥ لەشاری سنە لە ساڵۆنی (میهمانسرا) سنە کۆنگرەیەک سازدرابو لە بابەت تەوری زمانی کوردی قسەم کردو داوای بەڕێو بردنی حوکمەکەی ئیمام خومەینی و خوێندن ،بەزمانی کوردیم کردو لەهەمو ئەو کۆنگرانە ، لەشاری سنە بەڕێوە دەچون، من داوای ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەینی و ئەو نوسوولانەی قانونی ئەساسیم دەکرد کە پێوەندیان بەکورد و نەتەوە جیاجیاکانی ئێرانیەوە هەیەو ڕاگیرابو .

هەروا لەکۆنگرەی ڕێزدانان بۆ لێکۆتەر، موتەرجیم و شاعیری ناودارەی کورد :

عەبدورەحمان شەرەفکەندی (هەژار) کەلە ١٣٨١/٣/٢٣ لەشاری مەهاباد ، سازدرابو، داخوازی ئیجرای حوکمەکەی ئیمام خومەینی و